# زانکۆکان؟

**عومەر جەلال**

omerjelal@yahoo.com

**لەهەموو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتوودا زانکۆ رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بوارەکانی کولتووری و رۆشنفکری و زاستدا ,بێ بوونی زانکۆ لە هەر ولاّتێك هێمایەکە بۆ شکستی ئەو کولتوور و سیستمی دەسەلاّتە ,هەر لەسەرەتای درووست بوونی نەتەوەکان زانکۆ بووەتە هاوکار و رۆڵی هەماهەنگی بینییوە لەبەرەو پێشخستنی فیکر و فەلسەفەی مرۆڤایەتی.**

**بێ گومان نەتەوەی کوردیش بەهۆی بوونی ئەو زانکۆیانەی کەلەهەرێمی کوردستاندا هەیە تا ئاستێکی مامناوەند رۆڵی خۆی بینییوە و هەرچەندە زانکۆ لە کوردستاندا ئەوەندەی ئیشی لەسەر بەحزبیی بوونی ئەم دەزگایە کردووە نیو هێندە ئیشی لەسەر دوور کەوتنەوەی حیزب نەکردوو لە زانکۆ,ئەو هەموو رێکخراوە حیزبیانەی کە پاشکۆی حیزبەکان بوونە زۆرترین کار و چالاکییەکانیان لە زانکۆکاندا کردووە و کاریگەریان کردووەتە سەر بارگاوی بوونی زانکۆ بەمانا حیزبیەکەی .**

**لە زانکۆکانی کوردستان ئەوەی بەدی دەکرێت ئەو هەموو قوتابییەیە کە بە کۆمەڵ دەردەچن و کەمترین بەرهەمیان دەبێت و زۆرینەیان یان دانامەزرێن لە لایەن دەسەلاّتەوە بە هۆی ئەو سیستمە لاوازەی کە حیزبەکان بۆ خۆیان قۆرخیان کردووە و زۆرینەی ئەندامی خۆیان دادەمەزرێنن و ئەوانی دیش دەبێت لە چاوەڕوانی بڕیارێکی خەیاڵیدا بژین,وا بۆ دوو ساڵ دەبێت زانکۆ وەك و کارگەیەکی شکاو بەرهەمی دەبێت بە لاّم بێسوود و لاواز.بێگومان ئەمە تەنیا قوتابی تاوانبار نابێت تێیدا بەڵکو تاوانەکە زۆربەی بۆ دەسەلاّت دەگەڕێتەوە ,ئەمیش بەوە چارەسەر ناکرێت کە هەر قوتابیە و بە پێچەانەی بوارەکەیەوە لە بواری دیکەدا دابمەزرێت بۆ وێنە زۆرینەی ئەوانەی کە بواری دامەزراندنیان نییە هەلی ئەوەیان بۆ دەرەخسێت ببنە مامۆستا ئیدی گرنگ نییە لە چ بوارێکدا بێت گرنگ ئەوەیە ببێتە مامۆستا, کەمەش دەبێتە هۆی لاوازی بواری پەروەردە بە تایبەت بۆ ئەو مامۆستایانەی کە نەشارەزا لەو بوارەی کە ئیشی ئەوان نییە.ئەمانە و دەیان کێشەی دی دەمان گەیەنێتە ئەوەی کە زانکۆکا نمان زۆر لەوە لاوازترن پێ ی بێژین (زانکۆ) ,هەموو دەزانین چەندین دەیە لە پاش زانکۆ جیهانییەکانەوەین کەچی لافی ئەوە لێدەدەین خاوەنی زانکۆین , مەبەستی من ئەوە نییە لە زانکۆکانی خۆمان کەم بکەمەوە بەلاّم ڕابردووی زانکۆکا نمان گەواهیدەری ئەم سەلماندنەیە .کاتێك دەسەلاّتێکی گەندەڵ و بێ پرۆژەت هەبوو ئیدی ئەوکات هەموو دەزگاکان بە تایبەتی زانکۆیش پزیسکی ئەو گەندەڵی و سستیەی بەر دەکەوێت ,ناکرێت ئەوە لەیاد بکەن کە زانکۆ جیهانییەکان رۆڵی گەورەی بینییوە لە فراوانکردنی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە و پراکتیزەکردنی دیموکراسیەت و رۆڵی بەرچاوی بینییوە بۆ گەشەسەندنی ژانرەکانی ئەدەب و هونەر کەچی زانکۆکانی ئێمە سەد دەر سەد پێچەوانەی زانکۆ جیهانییەکان دەبێتەوە ئەوەندەی حیزب بڕیاردەدات بەسەر زانکۆکاندا نیو هێندە زانکۆ کارانییە لە پرۆتیستۆی ئەو هەموو گەمەیەی پێی دەکرێت ,کاتێك دەتوانین خۆمان بە خاوەنی زانکۆ بزانین لە سەرۆکی زانکۆ تا سادەترین مامۆستا و فەرمانبەر بە ئاستی بڕوانامە ولێهاتووی دابمەزرێت نەوەك حیزب درووستیان بکات ئەمەش گەورەترین کێشەی ئێمەیە نەوەك لە زانکۆ بەڵکو لە هەموو دامەزراوەکاندا حیزب دادەمەزرێت نەوەك کەسی پسپۆر لەو بوارەدە**

---

*لە هەفتەنامەی هاولاّتی ژمارە (374) بلاّوبووەتەوە.